# هەژدە گوڵی دەشتی خوێنم

کاوەی خەسرەو کاوانی



پێشکەشە بەو (18) کچە ئەنفال کراوەی کە لەیەن رژێمی بەعس لە ساڵی1987 لە ژێر ناوی (بسم الله الرحمن الرحيم) درانە مەلهەکانی شەوانی میسرو تاکو ئێستا بێ سەرو شوێنن

هەژدە گوڵە بۆنخۆشەکەی
دەشتی شۆڕش و خوێنی من ,
هەژدە گوڵە دزراوەکەی
لە نێوباڕی زۆرە ملێ ی
کۆشکەکانی حوسنیا وون ,
هەژدە دڵە بێ ئۆقرەکەی
تەلیسم کراوی ئەهرام ,
هەژدە مۆمیای جادووی نێوان
حوسنی موبارەك و سەدام ,
ئەی هەژدە رۆحی بریندار
سەفیرانی ئازاری کورد
لەهەر کوێ بن
لە وەڵاتی غەریبیان
لەکۆشکەکانی فیرعەونا ,
ئاوێتەی جادووی زەمەن بن
لەهەر شوێنێکی ئەم کەونا ,
ئێوە موتربەی داربەڕوون
ئێوە بەڵگەن زووحاکەکان
چەندە بێ شەرم و ئابڕوون.